# گەمەی رۆشەنبیران لەگەڵ حیزب



Handren88@hotmail.com

ئەگەر حیزبماڵێک بێت لە گەڕەکی سیاسەت، ئەوا شاری رۆشەنبیری پڕە لە گەڕەکی جۆراوجۆر،بەلام بەداخەوە کە ئەمرۆ لە کوردستان حیزب لە هەوڵی ئەوە دایە کە هەموو گەڕەکەکان و شار بەتواوەتی لەناو ماڵی حیزب بئاخەنێ، ئەمەش کارێکی ئەستەمە، ئەگەرچی بە ئاشکرا ئەوە ئەبینین کە چۆن حیزب کۆنترۆلی هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی کردوە،لەگەڵ ئەوەش بۆی نەکراوە و هەرگیز و هەرگیز بۆی ناکرێت کە هەموو ژیان لە مالی حیزب بئاخنێت.

## حیزب پێویستی بە هەموو جۆرە کەسانێک هەیە، بەلام هەموو کەسێک پێویستی بە حیزب نیە ..

هەر بۆیەش حیزب هەموو بوارەکانی ژیان داگیر ئەکات، ئەیەوێت وەک چۆن خۆی پێویستی بە هەموو جۆرە کەسەکانی کۆمەل هەیە، ئاواش هەموو جۆرە کەسەکانی کۆمەل پێویستیان بەو هەبێت، ئەمەش لەلایەک جۆرە گەمەیەکی بێزەوەر دێنێتە ئاراوە لە نێوان بەشێک لە رۆشەنبیران و حیزب، لەلایەکی تریش ململانەیەکی هزری و سیاسی، جارێکیتریش بەداخەوە کە لە کوردستان رێژەی ئەو رۆشەنبیرانەی کە گەمەی بێزەوەر لەگەڵ حیزبەکان ئەکەن زۆر زۆرترە لە رێژەی ئەو رۆشەنبیرانەی کە ململانەی هیزری و سیاسی ئەکەن، ئەوەش وای کردوە کە ئەم گۆمە مەنگە پەنگخواردوەی ژیان لە کوردستان ووردە ووردە ببێت بە زەلگاوێکی پڕ لە نەخۆشی کوشندە، باجی گەمەی ئەم رۆشەنبیرانە لەگەڵ حیزبەکان خەلک ئەیدات.

ووتمان حیزب پێویستی بە هەموو جۆرە کەسانێکە،{ باش، خراپ، خوێندەوار، نەخوێندەوار، پیاوکوژ، پێشمەرگە، جاش، تێکۆشەر، دۆڕاو، خێلەکی، شارستانی، رۆشەنبیر، نەزان، قومارچی، دەولەمەند، هەژار، هونەرمەند، چاوەش، مامۆستا، کرێکار، چوتیار، خاوەن بڕوانامە ،،،،، هتد........}

کەواتە ئەبێ هەوڵی ئەوە بدات کە هەموو بوارەکانی ژیان لەناو خۆیدا بئاخنێت، تا هەموو ئەو جۆرە کەسانە ناچار بکات بەبێ حیزب هیچیان بۆ نەکرێت، حیزب ئەیەوێت مامەلەی لەگەل

هەموو چین و توێژەکانی کۆمەل بکات،بۆ ئەوەی بتوانێ هەموو جۆرە کەل و پەلە تازەو ئێکسپایەرەکانی ساغکاتەوە، ئەگەر مامەلەی حیزب لەگەل ئەم هەموو جۆرە خەلکە نەبێت ئەوا حیزب ناچار ئەبێت کە بەردەوام لە خۆنوێکردنەوە دابێت، هەرچی کەل و پەلی ئێکسپایەری هەیە بیخاتە ژێر خاک، ئەو کات مامەلە کردن تەنها بە کەرستە نوێ و سەردەمیەکان ئەبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا میکانیزمی بەروپێش چوونە.

هەم دیسان جارێکیتریش ئەبێ بلێین بەداخەوە کە دوکانی حیزبەکانی کوردستان پڕە لە کەرستەی کۆن و ئێکسپایەر، کوردستانیش پڕە لە رۆشەنبیری بازرگان کە خەریکی فرۆشتنەوەی ئەم کەرستانەن بە خەلکی رەش و رووت و نەزان.

ئەم جۆرە مامەلەیەی،کە ئەم جۆرە رۆشەنبیرانە لەگەڵ حیزبەکانی ئەکەن، دەرئەنجامەکەی ئەو دەرد و گێژاوەیە کە سەرتاسەری کۆمەلگا پێیوە گیرۆدە ئەبێت، بە شێوەیەکیتر ئەتوانین بلێین کە ئەگەر ئەم جۆرە رۆشەنبیرانە نەبن ئەوا هیچ حیزبێک ناتوانێ کەرستە کۆن و کەلەکەبوو و ئێکسپایەرەکانی بە خەلک بفرۆشێتەوە.

## ئەم رۆشەنبیرانە کێن؟



من پێم وایە ئەم رۆشەنبیرانە، ئەو رۆشەنبیرانەن کە ئەوەندە بچوک بوونەتەوە لە جیهانی بەرفرەوانی رۆشەنبیری هەست بە بوونی خۆیان ناکەن، بۆیە ناچار ئەبن روو لە ماڵە بچوکەکانی حیزب بکەن و بوونی خۆیان لەوێدا دەربخەنەوە، ئەوەش وایان لێئەکات کە درۆیەکی زۆر گەورە پێشتر لەگەڵ خۆیان بکەن دوایی لەگەڵ حیزب و ئینجا لەگەڵ خەلک، خۆیان درۆیەکەن، حیزبیش زۆر زووتر لە خەلک توانای ئاشکراکردنی ئەم درۆیانەی هەیە، گەمەکە ئەلێرەیە، ئەم رۆشەنبیرانە وەک سوپەرمانێک خۆیان ئەنوێنن و پاگەندەی ئەوە ئەکەن کە ئەوان هێزێکیان هەیە لەسەروی هێزی سروشتیە، بە بوونیان لە ناو حیزب ئەتوانن وەرچەرخان لە ناو حیزب بکەن و دوایش لەناو کۆمەل، پێیان وایە حیزب قەوارەی راستی ئەوان نازانێ، پێیان وایە حیزب بێئاگایە لە پوچبوونەوە و بچوکبوونەوەی ئەو رۆشەنبیرانە لە جیهانی رۆشەنبیری، حیزبەکان باش دەزانن کە ئەمانە لەدوای دۆڕانیان لە جیهانی رۆشەنبیری گەیشتونەتە ئەوەی کە خۆیان بدۆڕێن و بچوک ببنەوە بۆ مالە تەسک و تەنگەکانی حیزب، هەر بۆیەش حیزب ئەتوانێ بە ئاسانی بۆ مەبەستە تایبەتیەکانی خۆی بەکاریان بێنێت، دوای ئەوەی کە کەلکی بۆ حیزبیش نەما ئەو کات ........... ئەکات.

هەندرێن حەمەدەمین

٢٦ی٥ی٢٠٠٦